Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(Sp), 2025
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# گیروگرفتەکانی باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان
# چارەسەرییە پێشنیارکراوەکان
# (خوێندنەوەیەکی شیکاری یاساییە)


| |
|---|
| پ. ی. د. كمال أنور يابە |
| بەشی یاسا-کۆلیژی یاسا-زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەولێر- هەرێمی کوردستان/ عێراق |
| ئیمێل: Kamal.yaba@su.edu.krd |
| د. كمال طيب قادر |
| بەرێوەبەری گشتی باجەکان وخانووبەرەی میری - هەولێر- هەرێمی کوردستان/ عێراق |
| ئیمێل: Kemal.werty@yahoo.com |



| | | |
|---|---|---|
| کلیلە ووشەکان: | Received: 10/07/2024 | ID No. 2343 |
| باج، باجی دەرامەت، گیروگرفتی باجی دەرامەت | Accepted: 13/04/2025 | (PP 83-101) |
| | Published: 29/04/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.sp.5 |



## پوختە

ئامانج لە سەپاندنی باجی دەرامەت هێنانەدی دادپەروەری کۆمەلایەتی وە رەخساندنی یەکسانی و هاوەسەنگی ئابووری لە باجدان، بۆیە رەچاوی باری کەسی باجدەر وتوانای دارایی خێزانی دەکات، هەروەها گرنگی ئەم جۆرە باجە زیاتر بووە دوای فراوانبونی کار وچالاکی بازرگانی وپیشەسازی وپیشەیی دوای سالی 2003، بە هۆی ئەو گەشەسەندنەی کە لە بواری ئابووری و دارایی و رامیاری بەرپا بوو کە کرانەوەیەکی بەرفراوان بەرووی وولاتانی دەرەوە هاتەکایەوە، بۆیە بایەخی باجی دەرامەت کە چینێکی بەرفراوانی کۆمەڵگا گرتۆتەوە زیاتر بوو. بۆیە لەبەر پێویستەیەتی دادپەروەری باجی و پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی باجدەر ودەسەڵاتی دارایی و پاراستنی مافەکانی گەنجینەی دەولەت لە وەرگرتنی تەواوی داهاتی باجەکەی و بنبڕ کردنی هۆکارەکانی خۆدزینەوە لە باج و دابین کردنی داهات بۆ خەرجیە گشتیەکان لە بودجەی دەولەت، ئەمەش کۆمەلێك بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان دروست کردووە لەلایەن باجدەرەوە لەلایەك، ودەسەلاتی دارایی لە لایەکی تر. بۆ چارەسەری ئەم گیر وگرفتانە پێویستیمان بە هەمواری ئەم یاسایە هەیە بە تایبەت هەر دوو هەمواری یاسای باج لە هەریمی کوردستانی 2007 و 2011 بکریت تا لە ئاست ئەو هەڵ ومەرج و گۆرانکاری خێراپانەدا بن کە لە ناوچەکە روودەدەن بە جۆرێك وەلامی خواست وداواکاری بازرگانان وخاوەن کاران بداتەوە لە روانگەی بوونی بیرۆکراتیەت وسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای سەردەم.


## پێشەکی

یەکەم- ناساندنی بابەتی توێژینەوە:

باج بایەخێکی گرینگی هەیە لە کۆی داهاتی ساڵانەی نەتەوەیی هەموو وڵاتانی جیهانی، لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییە گشتییەکان و خەرجییە گشتییەکانی حکومەت، لەلایەکی دیکە بە کۆڵەکەی سەرەکی داهاتی ساڵانە دادەندرێت کە حکومەت لە بوودجەی ساڵانە پشتی پێدەبەستێت، بە جۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێن باج وەك یەکێك لە کەرتە ئابوورییەکان هەژمار دەکرێت لە هەندێ وڵات لە کۆکردنەوەی داهات و سەرچاوەی سەرەکی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگووزارییە گشتییەکانی کۆمەڵگا، بۆیە زۆربەی دەستوورەکانی ووڵاتان دەقی تایبەت بە بنەمای یاسای باجیان رێکخستووە. هەروەك لە دەستووری عێراقی ساڵی (2005) لە دەقی (28) هاتووە:( دەڵێ هەموو باجێك بە یاسا

ڕێکدەخرێت، هەروەها بنەماکانی باج لە بنەمای فەرمانکەرەکانن کە پەیوەندی بە سیستەمی گشتی هەیە، بۆیە ناکرێ سەرپێچی و ڕێکەوتنی دەرهەق بکرێت، وە ئەو پەیوەندییەی هەیە لە نێوان باجدەرو فەرمانگەی باج پەیوەندییەکی یاساییەو یاسای باج ڕێکیخستووە، بەڵام لەبەرئەوەی یاسای باج لە لقی یاسای گشتییە واتە دەوڵەت باڵادەستی و دەسەڵاتی هەیە لەسەر ئەم پەیوەندییە، بۆیە ئەم پەیوەندیە لاسەنگ بووە، باجدەر لایەنی لاوازە و قەرزارە و پابەندە، وە فەرمانگەی باج فەرمانکەرە و پشکنینکردن و چاودێریکردن و قەدەغەکردنی لە سەفەرو دەستگرتن بەسەر سامانی باجدەرو ناتوانێ تانە بگرێ، تەنها دوای دانی باجەکەی، بۆیە لێرە بە ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەری و نزیککردنەوەی حاڵەتی هاوسەنگی کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی لە لایەك و بەدیهێنانی بنەمای دادپەروەری لە نێوان ماف و ئەرکی هەردوو لایەن پەیوەندیدار بە باج لە لایەکی تر.

دووەم- گرینگی توێژینەوە:

باجی دەرامەت بە گرنگترین باجەکانی ڕاستەوخۆ دادەنرێت لە سیستەمی باجی نوێ کە ڕەنگدانەوەی کۆمەلایەتی ودارایی وئابوری لێکەوتۆتەوە، هەروەها بڕێکی زۆر داهات دابین دەکات بۆ بودجەی گشتی، بۆیە بە کاردێت وەك ئامرازێکی دارایی وئابوری لە سیاسەتی دارایی دەولەت بۆ بە دیهێنانی ئابوری ئاراستە کراو. ئەم ڕۆڵە گرنگەی باجی دەرامەت دروست بوو کاتێك کە دەوڵەت پێشکەوت لە قۆناغی دەوڵەتی پاسەوانی بۆ قۆناغی دەوڵەتی بەشداری کردن، لەو کاتە باج بە گشتی و باجی دەرامەت بە تایبەت بووە ئامرازێکی گرنگ کاریگەر لە ئامرازەکانی سیاسەتی دارایی نوێ بە دووبارە دابەش کردنی داهاتی نیشتیمانی بۆ بەرژەوەندی چینی هەژار، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی حالەتەکانی هەڵاوسان وپوکانەوە.

سێیەم- ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لەمانەی خوارەوە:

١ .هەوڵدەدەین واقعی یاسای باج لە هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو لە ڕووی دەقی یاسایی و پراکتیکی، بۆ ئەوەی بگەینە لایەنی ئەرێنی کە ئەم یاسایانە لە خۆی دەگرێ، وە لایەنی نەرێنی کە بتوانین نەیهێڵین، پێشنیار بۆ چارەسەرکردن و چاککردنی ئەم گرفتانەی دێنە پێش.

٢ .هەوڵدەدەین ئەم لایەنانە بخەینەڕوو کە باجدەر دەتوانێ بگەڕێتەوە لایان کە کاتی دروستبوونی کێشە لەگەڵ فەرمانگەی باج، وە بەدیارخستنی بۆچوونی یاسادانەری عێراقی و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی لەسەر ئەم بابەتە و چارەسەرکردنی.

٣ .ئاماژەدان بە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دبێتە گیروگرفت لە یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان، وە دیار کردنی چارەسەرییە پێشنیارکراوەکان بۆ نەهێشتنی ئەم گیروگرفتانە وکەموکوڕیانەی کە هەندێ دەقی یاسایی باج هەیەتی.

چوارەم- کێشەی توێژینەوە:

کیشەی تویژینەوەکەمان بریتیە لە ئەو کەموکوریانەی کە لە یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستاندا هەیە لە دوای هەر دوو هەمواری یاسای ژمارە (26)ی سالی 2007 و(20)ی سالی 2011 و یاساکە بە گشتی کە بۆتە هۆی خودزینەوەی باجدەران لە نەدانی باج بە شێوەی بەشی یان هەمووی، کاریگەری نەرێنی لەسەر خەزینەی گشتی دروست کردووە.

پێنجەم- میتۆدی توێژینەوە:

توێژەران لەم توێژینەوەیەیدا مێتۆدی شیکاری یاساییان بەکارهێناوە، کە ئەو بوارەی بۆ دەرەخسێنێت بۆ دیار کردنی ئەم دەقە یاسایانەی لە یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان کە گیرو گرفتیان تیدایە و پێشنیاری چارەسەرکردنیان بۆ بکات.

شەشەم- پێکهاتەی توێژینەوە:

بۆ ئەمەبەستە ئەم تویژینەوە دەکەینە دوو باسی سەرەکی:

باسی یەکەم: چەمکی باجی دەرامەت و هۆکاری گیروگرفتەکانی لە هەریمی کوردستان

باسی دووەم: گیر وگرفتەکان لە یاسای باجی دەرامەت وچارەسەرییە پیشنیارکراوەکان لە هەریمی کوردستان

لە کۆتایی توێژینەوەکە باس لە کۆمەلێك دەرەنجام وڕاسپاردە دەکەین بۆ هەمواری یاسایی باجی دەرامەت لە هەریمی کوردستان.

## باسی یەکەم

## چەمکی باجی دەرامەت و هۆکاری گیروگرفتەکانی لە هەریمی کوردستان

بۆ ناساندنی باجی دەرامەت و تایبەتمەندییەکانی و هۆکاری ئەو گیروگرفتانەی لە یاسای باجی دەرامەتدا هەیە لە هەریمی کوردستان، ئەم باسە لە دوو تەوەردا دەخەینە روو.

### تەوەری یەکەم

### چەمکی باجی دەرامەت و تایبەتمەندییەکانی لە عیراق وهەرێمی کوردستان

ناساندنی چەمکی باجی دەرامەت و تایبەتمەندییەکانی وا پێویست دەکات کورتە باسێك لە مێژوو و پێناسەی باجی دەرامەت و تایبەتمەندییەکانی ئەم باجە روون بکرێتەوە، ئەمەش لە سێ خاڵی سەرەکیدا باسی دەکەین:

**یەکەم: پوختەیەکی مێژووی لەسەر پیشکەوتنی باجی دەرامەت لە عیراق و هەرێمی کوردستان**

باجی دەرامەتی لەسالی (1927) سەپێنراوە، و ناسێنراوە بە یاسای ژمارە(52) سالی (1927)([1])، بەلام مانای ئەوە ناگەیەنی کە ئەم باجە نەبووە لەسەردەمی عوسمانیەکان لەعیراق بەلکو هەبوو بەناوی(باجی تمتع) ( چریبە التمتع)([2]) بەلام لەبەر زۆری هەموارکردنی ئەم یاسایە، ئەوا یاسای ژمارە (36) سالی (1939) جیگای گرتووە گرنگترین بابەت کە هەموار کرابوو لەبابەتنکانی سمامات و نرخی باجی بووە، دوای چەند هەمواریك یاسای ژمارە (58) سالی (1956) جیگای گرتووە، دوای شۆرشی 14 تەموزی 1958 ئەم یاسایەش جاریکی تر گۆردرا بە یاسای ژمارە(59) سالی (1959) بەلام ناروونی لەم یاسایە گۆرانی سیاسەتی دارایی وای کرد ئەم یاسایە (35) جار هەموار بکریت([3] ) دوا رۆژ گۆرا بەیاسای ژمارە (113) کە ئیستا بەرکارە کە لە (63) مادده پیك هاتووە( [4])

پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایەی دوای سالی (1992) دووجار هەموار کراوەتەوە بەیاسای ژمارە (26) سالی (2007) ( [5] )، و یاسایی ژمارە(20) سالی (2011 ( [6] ) .

**دووەم: چەمك و پێناسەی باجی دەرامەت:**

یەکەم جار باجی دەرامەت سەپێنرا پاش دروست بوونی دەولەتی عێراقی نوێ بەگوێرەی یاسای ژمارە (52) ساڵی (1927) هەڵوەشاوە([7]). یاساکانی باج زۆربەیان خۆیان دوورگرتووە لە پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ داهات لەناو دەقەکانیان، لەبەرئەوەی دانانی پێناسە بۆ ئەم داهاتە ملکەچە بۆ فاکتەرەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دارایی و هونەری([8])، بۆیە باس لەسەرچاوەکانی داهات دەکات نەوەك داهات وە ئاراستەی یاسا دانەری عێراقی پێناسەی داهات دەکات بە ( داهاتی صافی باجدەرەکە دەستی دەکەوێ لە سەرچاوەکانی هاتوو لە ماددەی دووەم لە یاسای باجی دەرامەت)، پاشان سەرچاوەکانی داهات دەژمێری( [9] ) کە ملکەچە بۆ باج، یاسا ناسانی دارایی پالپشتی بۆ چوونی یاسادانەری عێراقی دەکەن کە روونی کردۆتەوە باجی دەرامەت واتە ( ئەرکێکی داراییە کە لەو داهاتەی وەردەگیرێ کەتێدا ملکەچە، بۆیە دیارکردنی مانای داهات

---

[1] د. عادل فليح العلى، المالية العامة و التشريح المالى لضريبى،ط،1 دار الماحد للنشر و التوزيع، عمان، 2007، ص177

[2] د. سعدى بسيوسى، موجز علم المالية العامة والتشريع المالى، مطبعة التفيض، بغداد (1950)، ص253

[3] د. صالح يوسف عجنية، ضريبة الدخل في العراق من الوجهة الفنية والاقتصادية، المطبعة العالمية القاهرة (1965) ص73, 75

[4] بلاو كراوه ته وه له وقائعى عيراقى له ژماره (2917) لة (1982/12/27)

[5] بلاو كراوه ته وه له وقائعى عيراقى له ژماره (77) لة (2007/12/26)

[6] بلاو كراوه ته وه له وقائعى عيراقى له ژماره (138) لة (2011/12/1)

[7] تقي الوسواسي، شرح قانون ضريبة الدخل، ج1، وزارة المالية، العراق، 1982، ص1و2 .

[8] د.عادل أحمد حشيش، أساسيات المالية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، 1996، ص161

[9] المادة (1) / فقرة (2) من قانون ضريبة الدخل العراقي النافذ .

بۆ ئەوەی گرێنتی بكات لەو داهاتانە كە ملكەچن بۆ باج لەلایەك، وەلە لایەكی تر سەپاندنی باج فراوان نەكرێ لەسەر هەندێ مال كە بەداهات دانانرێ([1]). وە باجی دەرامەت دەسەپێنرێت لەو كاتەی كە رووداوی دروست كەر بۆ باجەكە دروست دەبێت كە ماناكەی دیاری دەكات بەوەی ئەو كاتە گونجاوەیە.

كە دەولەت تەدەخول دەكات بەزۆرەمەلێ باجدەرەكان لەسەر تنازل كردنی بەشێك لەو داهاتەی كە دیاری كراوە بۆ سەپاندنی باج )( [2])یان بریتی یە لە (هەر كارێكی یاسایی یان مادی كە پابەندی یاسایی دەیسەپێنێ بە دانانی باج )([3]). بەگشتی بەگشتی سروشتی دروست بوونی بۆ پابەندی دانی باج دەرامەتی جۆراوجۆرە بەپێ ی یاساكانی عێراقی، گرنگترینیان هێنانەوەی داهاتی سافی باجدەر لە كۆتایی ساڵی دارایی یان ساڵی دەست كەوتنی داهات لەسەرچاوە جیاوازەكانی داهات([4])، و سروشتی دابڕانی سەرچاوە داهات لە كاتی ساڵی دارایی([5])، وە سروشتی هەڵوەشانەوەی كۆمپانیا و پاكتاوكردنی([6])، وە سروشتی گواستنەوەی خاوەنداریەتی خانوبەرە یان مافی هەڵسوكەوت پێ كردنی بە هەموو ئامرازەكانی گواستنەوەی خاوەنداریەتی.([7])

سێیەم: تایبەتمەندییەكانی باجی دەرامەت لە عێراق:

گرنگترین تایبەتمەندی باجی دەرامەت لە عێراق كە دەتوانرێ تێبینی بكرێت لەیاسایی باجی دەرامەتی عێراقی ژمارە (113) ساڵی (1982) بریتی یە:

یەكەم/ باجی دەرامەت لە عێراق جیاوازی ناكات لە نێوان سەرچاوەكانی داهات كە ملكەچە بۆ باج، بەتایبەت لە ڕووی نرخی باجی سەپێنراو واتە باجێكی گشتیە لەسەر داهات، لەبەرئەوەی جیاوازی نەكردیە لە جۆرەكانی . سەرچاوەی داهات، پێچەوانەی باج لەسەر لقەكانی داهات كە جیاوازی دەكات بەگوێرەی جۆرەكانی داهات كە بەدەست هاتیە لەلایەن باجدەر یان سەرچاوەكانی داهات.( [8])

دووەم/ باجی دەرامەت لە عێراق لەسەر اساسی جیاكاری لەلە داهاتەكانی ژن و مێرد دانراوە كە وەك بنچینە، بەڵام دەمج كردنی داهاتەكانی وەكو استثناء داناوە، واتە هەریەك لە داهاتی پیاو یان ژن حسابی باجیان بەسەربەخۆ لەگەڵ دەكرێ، بەڵام ئەمەش بەمەرج.

سێیەم/ باجی دەرامەت بەوە دەناسرێ، زۆربەی كات كە باجێكی ساڵانەیە لەگەڵ هەندێ حالەتی استثنائی كە سەپاندنی ساڵانە نیە وەك گواستنەوەی خاوەنداریەتی خانووبەرە یان مافی هەڵسوكەوت پێ كردنی، یان مردنی باجدەر یان ڕاوەستان لە كار.

چوارەم/ یاسای باجی دەرامەت بەوە دەناسرێ كە جیاوازی دەكات لە نێوان باجدەری سروشتی و باجدەری واتایی (كەسی واتایی ) لە ڕووی نرخی باجی، و داشكانی سماحات تەنها بۆ كەسی سروشتی بەبێ كەسی واتایی.

پێنجەم/ یاسای باجی دەرامەت بەو دەناسرێ كە جیاكاری لە نێوان داهاتی خوولی و داهاتی لە ناكاو پێشكەش ناكات لە سەپاندنی باج واتە پشت بە تیۆری إثراء دەبەستی.

---

[1] د.عبدالعال الصكبان، علم المالية العامة، ج1،ط3، دار الجمهورية بغداد،1966، ص215

[2] د. طاهر الجنابی، علم المالية و التشريع المالي، مطبعة العاتك، بغداد،2008، ص144

[3] علی هادی عطية الهلالي، تقدير الدخل وإخضاعه للضريبة في قانون ضريبة الدخل العراقي، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة بغداد، 2000، ص10

[4] المادة (3)/ فقره (1) من قانون ضريبة الدخل العراقي النافذ

[5] المادة (3) فقرة (3) من قانون نفسه

[6] المادة (2) / فقره (4) من قانون نفسه

[7] أعاد حمود القيسي، المالية العامة والتشريع الضريبی، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع ط 3، 2000، ص133.

[8] خالد الخطيب، الضريبة على الدخل (اصول محاسبتها في الاردن )، دار زهران، للنشر و التوزيع، بدون سنة طبع، ص23.

شەشەم/ باجی دەرامەت بەوە دەناسرێ کە ناسپێنرێ لەسەر داهاتی گشتی باجدەر، بەلکو دەسپێنرێ دوای دەرکردنی خەرجیەکان و کە باجدەر خەرجی کردووە بە فعلی بۆ بەدەستهێنانی داهات و زیاد کردنی داهاتەکەی، هەروەها دەرکردنی ڕێگا پێدراوە یاساکانی کەسی و خێزانی باجدەر، واتە ئەم باجە دەسپێنرێ لەسەر داهاتی صافی.

حەوتەم/ باجی دەرامەت جیاکاری دەکات لە نێوان کۆمپانیاکان کەکەسیەتی واتایان هەیە بەگوێرەی یاسای بازرگانی، چونکە دان بەکەسیەتی واتایی بۆ کۆمپانیایی ئەموال دەبێ کە کۆمپانیای پشکدار و کۆمپانیای بەرپرسیاری دیاری کراوە،بەڵام دان بە کەسیەتی واتای بۆ کۆمپانیا کەسیەکان نانێ بۆ مەبەستەکانی باجی، بەلکو ناوی مشارکات لە جیانی کۆمپانیا بەکاردەهێنێ.

هەشتەم/ باجی دەرامەت لەیەك کات بە پێوەری نیشتەجێ و ڕەگەزنامە و هەرێمایەتی وەرگرتیە بۆ سەپاندنی باج لەسەر باجدەرەکان.

نۆیەم/ باجی دەرامەت بەوە دەناسرێ کە باجێکی یاسای گشتیە واتە باجدەر ملکەچ کراوە لەلایەن یاسادانەر لەسەر هەموو ئەو داهاتانەی بەدەست دەهێنێ لە ناو عێراق بەمەرجێك ملکەچ نەبێت بۆ باجی تر، بۆیە باجدەر ناتوانێ تانە بگرێ لەسەر داهاتێك کە بە دەق نەهاتبێ لە یاسا بە ڕاشکاوی.

## تەوەری دووەم

## هۆکاری گیروگرفتەکانی باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان کۆمەلێك گیروگرفت و کێشە لە یاسای باجی دەرامەت عیراقی ژمارە 113 سالی 1982 و هەموارکراوەکانیدا هەیە، بۆیە لێرە بە کورتی دەیانخینە روو:

**یەکەم: خراپی کواڵیتی دارِشتنی یاساکانی باج:**

دارِشتنی یاساکانی باج پسپۆرییەکی لاوەکی دارِشتنی یاسازی بە گشتییە. ([1] ) بۆ ئەوەی یاسای باج ئاسایش و سەقامگیری لە مامەڵەکان بهێنێتەدی و موخاتەبەکانی پابەندی دەقەکانی بن، دەبێ ڕوون و پاراو بێت، هەروەها لە گەڵ یاساکانیتردا بگونجێت، بۆیە دارِشتنی یاسازی هەر یاسایەك، پێوەری هەڵسەنگاندنی ئاستی گونجاوی یاساکەیە و خراپی کواڵیتی دارِشتنی یاساکانی باج بە یەکێك لە گرفتەکانی ئاسایشی یاسایی لە بواری باج هەژمار دەکرێت.([2]) بۆیە لێرەدا خەوشەکانی دارِشتنی یاسازی دەخەینەڕوو کە خۆی لە هەڵە، نارِوونی و ناکۆکی و کەڵێنی یاسازی لە یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە.

١- هەڵە: ئەو هەڵە جەوهەریانەی کە تووشی پرۆسەی دارِشتنی یاسازی باج دەبن دوو جۆرن، هەڵەی ماددی و هەڵەی یاسایی.( [3])

**أ- هەڵەی ماددی لە یاساکانی باجدا:**

هەڵەی ماددی بەپێی ئەو قۆناغانەی کە یاسای باج پێیدا تێدەپەڕێت چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانەیە هەڵەکە لە دەقی ڕەسەن یان ڕەشنووسی یاسا ڕوودات، هەروەها دەکرێ لە کاتی چاپکردن یان وەرگێڕانی ناوردی دەقەکان لە زمانێکی بیانی ڕوودات.

بۆ نموونە یاسازی عێراقی لە مادده(٢٠)ی یاسای باجی دەرامەتدا،( [1]) تووشی هەڵەی ماددی بووە کاتێك ئامرازی پەیوەندی (و)ی لە نێوان دەستەواژەی پاسەوانی دادوەری (الحارس القضائی) وە وشەی (السندیك)دانەناوە، کە وادەردەکەێت کە هەردووکیان هاوواتان، بە پێچەوانەی ئەو جیاوازییەی لە ڕووی واتاییەوە لە نێوانیاندا هەیە،

---

[1] Victor T Thuronyi, Drafting Tax Legislation, p:71
https://www.elibrary.imf.org/display/book/9781557755872/ch03.xml/accesed on 28/12/2023, time:10:45

[2] مروان محمد محروس المدرس، رقابة القضاء الدستوري على الصياغة التشريعية، مجلة كلية القانون الكويتية العالمية- السنة الخامسة٢٠١٧، ص٤٩٥

[3] عصمت عبد المجيد، مشكلات التشريع، ط١، دار الكتب العلمية، لبنـان، ٢٠١٤، ص٢٠٦

**ب- هەڵەی یاسایی لە یاسای باجدا:**

ئەم جۆرە هەڵەیە دەکرێ لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی یاسادانان ڕوو بدات، بۆ نموونە لە کاتی بڵاوکردنەوەی یاسای باج لە ڕۆژنامەی فەرمی، یان ئامادەکردنی پرۆژە یاسای باج، یان بەهۆی وەرگێڕانی هەڵەی یاساکە وەك هەڵەی نووسین (تایپ) یان زمانەوانی یان ڕێنووسی هەندێك دەستەواژەی بیانی ڕوو بدات. هەروەها دەکرێت لە ئەنجامی ناوردی یان گرنگی نەدان بە بەکارهێنانی دەستەواژە یاساییەکان یان کورتکراوەی بێژە و وشە یاساییەکان ڕوو بدات، کە داڕشتنی یاسایی دەشێوێنێ ([2])،وەك لە ماددەی (٣١)ی([3] ) هەمان یاسادا هەڵەیەکی یاسایی ئەنجام داوە، کاتێك دانی بەوە داناوە کە دەکرێ باج لە زیاتر لە لقێکی فەرمانگەی باج بخەمڵێندرێت، ئەمەش پێچەوانەی مەرجی هەژمارکردنەوەی سیماحەکانە، هەروەها زیان بە داهاتی باج دەگەیەنێت،چونکە دەبێتە هۆی خۆدزینەوە لە باجدان.

**٢- ناڕوونی لە یاسای باجدا:**

دەقێکی ناڕوون بریتیە لە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە زیاتر لە واتایەك لەخۆ دەگرن، یان ئەو واتا ڕاستەقینەیە نادەن کە یاساساز مەبەستی بووە، ناڕوونیان لێدەکەوێتەوە، ئەم دیاردەیەش کاتێك ڕوودەدات کە یاساساز ئەو بێژە شاراوانە لە ناو دەقی یاساییدا بەکار بهێنێت کە بە ڕووکەش واتایەك دەدەن، بەڵام لە ناوەڕۆکیاندا چەندین بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن، کە واتای دەقەکە دەشێوێنێت، کە لە کاتی جێبەجێکردنی ناکۆکی لێدەکەوێتەوە([4] ).

بۆ نموونەی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢١)ی یاسای باجی دەرامەتی بەرکار،([5]) ناڕوونە، چونکە دەستەواژەی (ئەگەر بە گونجاوی زانی) و (دادپەروەرانە و لۆژیکی) بەکار هێناوە، ئەم وشە و دەستەواژانە ناڕوونن و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت، بۆیە نەگونجاون و لە گەڵ بەرژەوەندی باجدەر و دەسەڵاتی داراییدا ناکۆکن و دەبنە هۆی ئەوەی هەر لایەنێك بەو جۆرە لێکیان بداتەوە کە بە گونجاوی دەزانێت، ئەمەش دەرگای خۆدزینەوە لە باج دەکاتەوە. بۆیە پێشنیارمان بۆ یاسازی عێراقی ئەوەیە کە ئەم ماددەیە هەموار بکاتەوە و بڕگەی دووەمی هەڵبوەشێنێتەوە.

**٣- (ناتەبایی) لە یاسای باجدا:**

ناکۆکی لە نێوان دەقە یاسازییەکان لە کاتی جێبەجێکردنیان بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێك دادوەر ڕووبەڕووی دوو دەقی یاسایی دەبێتەوە کە لە گەڵ یەك ناگۆنجێن و تێکگیران لە نێوان دوو دەقی یاسایی ڕوودەدات،وە بەرجەستەترین جۆری ناکۆکی کە لە یاساکانی باجی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرچاو دەکەوێت، ناکۆکییە لە نێوان ئەم یاسایانە لە گەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، کە هەموو یاساکانی باجی گرتۆتەوە، بەڵام لە یاسایەکی باج بۆ یاسایەکی دیکە پێشێلکارییەکان جیاوازن وزۆرترین پێشێلکارییەکانیش لەسەر بنەماکانی یاسایی بوونی باج و یەکسانی و دادپەروەریی و

---

[1] هەر کەسێك بەڕێوەبردن یان چاودێری کردنی ئەو سەروەت وسامانە یان کارانەی خاوەنداریەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسیکتر وەك پاسەوانی دادوەری(السندیك) و ئەمیندار و سەرپەرشتیار و وەصی و قەیم، بەرپرسە لە خەملاندنی باج و پێدانی لە جیاتی ئەو کەسی نوێنەرایەتی دەکات بە هەمان شیوە وە بە هەمان بڕ کە ئەو کەسە ملکەچی باج دەبێت مەگەر شایستەیی یاسایی نەبێت).

[2] عصمت عبد المجيد، مشكلات التشريع،مصدر سابق، ص210

[3] (باج لەو فەرمانگەیە کە شوێنی نیشتەجێبوون یان شوێنی کارکردنی باجدەر تێدایە دەخەملێندرێت، وە ئەگەر لە شوێنی جیاواز کە سەر بە فەرمانگەی باجی جیاوازن کار بکات، باجەکە لە شوێنی خەملێنەر دەخەملێندرێت یان بە پێی بڕیاری دەسەڵاتی داراییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، وە وەزیر یان هەرکەسێك کە وەزیر دەسەڵاتی پێدەدات، دەتوانێت فەرمانی خەمڵاندن لە فەرمانگەی خەملێنەری تر جگە لە خەملێنەرانی بازنەکانی پێشوو بدات.)

[4] أحمد عبيد الكبيسي، ألاحوال الشخصية في الفقه والقضاء و القانون،ج٢، ب ط، العاتـك لـصناعة الكتاب، القاهرة ٢٠٠٩، ص٩٤

[5] دەسەڵاتی دارایی، ئەگەر بە گونجاوی زانی، باج لەسەر کەسێکی نانیشتەجێ بخەمڵێنێت و بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە و گونجاو بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، لەسەر بڕی ئەو کارە بازرگانییەی کە کەسی نانیشتەجێ لە ڕێگە یان لەگەڵ نیشتەجێبوو ئەنجامی دەدات).

دادبینییە. بۆ نموونە بڕگەی(١)ی ماددەی(١٢) و بڕگەی(١)ی مادەی(٥٠)ی یاسای باجی دەرامەتی بەرکار، لە گەڵ بنەمای یەکسانی کە لە ماددەی (١٤)ی دەستووری عێراقیدا هاتووە ناکۆکە،.([1])

دووەم: پابەند نەبوون بە بنەمای یاسایی بوونی باجەکان لە یاساکانی باجدا:

یەکێك لە گرفتەکانی لە یاساکانی باج، پابەند نەبوونی دەسەڵاتی یاسادانان بە بنەمای یاسایی بوونی باجەکان و دەستدرێژیکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ سەر دەسەڵاتە پاوانکراوەکانی دەسەڵاتی یاسادانانە([2]).

یاساکانی باج لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پشکی شێریان لەم پێشێلکارییانە بەردەکەوێت و بە زەقی دەستدرێژیان کردۆتە سەر ئەم بنەمایە، یاسای باجی دەرامەتی بەرکار لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لە چەندین دەقیدا پێشێلی بنەمای یاسایی بوونی باجی کردووە، کە لە ماددەی(٢٨)ی، دەستووری عێراقی بەرکاردا هاتووە، بۆ نموونە بڕگەی(سێیەم)ی ماددەی (٧)([3]) دا، ئەو دەرامەتانەی ژماردووە کە لە باج دەبەخشرێن و مەبەست لە لایەنە خێرخوازیەکان و تەهزیبیەکانی بۆ دەسەڵاتی دارایی جێهیشتووە، ئەمەش پێشێلکردنی بنەمای یاسایی بوونی باجە کە دەستوور ئەو تایبەتمەندییەی تەنها بە دەسەڵاتی یاسادانانی هەلبژێردراو سپاردووە،([4]) و بە پێی بنەکانی گشتی یاسا، تایبەتمەندییە ڕاسپێردراوەکان ڕاناسپێردرێنەوە.

سێیەم: پابەند نەبوون بە بنەمای یەکسانی لە یاساکانی باجدا:

باج ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك و دووبارە دابەشکردنەوەی داهات و کەمکردنەوەی نایەکسانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێت، ئەمەش گرنگی باج وەك ئامرازێك بۆ دابەشکردنی یەکسانی ئابووری لە نێوان تاکەکان دەردەخات. یەکسانی لە بەردەم باج تەنها لە کاتی سەپاندنی باجدا پێویست نییە، بەڵکو لە کاتی لێخۆشبوون لە باجیش پێویستە ([5]).

یاساسازی عێراقی و کوردستانی لە چەندین دەقی یاساکانی باجدا مافی یەکسانی باجدەرانیان پێشێلکردووە، بۆ نموونە بڕگەی(١)ی ماددەی(١٢)([6]) و بڕگەی(١)ی ماددەی(٥٠) ([7])ی یاسای باجی دەرامەت لە گەڵ بنەمای یەکسانی کە لە ماددەی (١٤)ی دەستووری عێراقیدا هاتووە ناکۆکە([8]).

---

[1] اثير طه محمد احمد، دستورية تشريعات الضرائب المباشرة في العراق- دراسة مقارنة-، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠١٩، ص١٩٢

[2] عامر عياش عبد و احمد خلف حسين، دستورية الضرائب في العراق، مجلة االرافدين للحقوق، المجلد( ١٣)، العدد( ٤٩) السنة( ٢٠١٦) ص٢٢٦.

[3] ئەو دەرامەتانەی ژماردووە کە لە باج دەبەخشرێن، تێیدا دیاری کردنی مەبەست لە لایەنە خێرخوازیەکان و تەهزیبیەکانی بۆ دەسەڵاتی دارایی جێهیشتووە، واتە دەسەلاتی دارایی دەستنیشانی ئەوە دەکات کە چ دەرامەتێکی ئەم لایەنانە لە باج دەبەخشرێن، بۆیە سەرپێچی بنەمای یاسایی بوونی باجی کردووە کە ئەو بابەتەی داوەتە دەسەڵاتی یاسادانانی هەلبژێردراو.)

[4] عامر عياش عبد و احمد خلف حسين، مصدر سابق، ص ٢٦٩

[5] مهند نوح، مبدا المساواة، الموسوعة القانونية المتخصصة، https://arab-ency.com.sy/law/details/25863/6

[6] کەسێکی نیشتەجێ ئەم لێخۆشبوونانەی خوارەوەی پێدەدرێت لە باج کە دەبێ لەسەر داهاتی خەملیندراوی خۆی بۆ هەر ساڵێك بدرێت بە پشتبەستن بە دۆخی خۆی لەو ساڵەی کە ئەم داهاتەی بەدەستهێناوە.)

[7] (داهاتی باجدەر بە بڕە پارەیەك کە یەکسانە بە لەسەدا حەوت و نیو لە کۆی گشتی باج دەدرێت ئەو بڕە پارەیەی کە دەتوانێت لەلایەن خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە یان بەکرێگیراوەکەی یان بەکرێگیراوەکەیەوە وەریبگرێت یان بیدات سەرنشین و پۆستە و ئاژەڵ و کاڵا و بارهەڵگر لە عێراق.)

[8] اثير طه محمد احمد، مصدر سابق، ص ١٩٢

هەروەها ماددەی (٩)ی هەمان یاسا بەڕێوەبەری کارگێری کۆمپانیاکانی بێسنووری بەسەر کەسانیتر کە مووچە یان دەرماڵە وەردەگرن بە پەسەندتر داناوە، ئەمەش پێشێلکردنی بنەمای یەکسانیە کە لە ماددەی(١٤)ی دەستووری بەرکاری عێراقدا هاتووە. بۆیە پێشنیارمان بۆ یاسادانانی عێراقی و کوردستانی ئەوەیە کە ماددەی(٩)ی یاسای باجی دەرامەتی بەرکار هەڵبوەشێننەوە.

وە زۆربەی ئەو گریمانانەی کە هۆکارەکانی خۆدزینەوە لە باجدان لێکدەدەنەوە هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی دادپەروەری لە سیستەم و سیاسەتی باج، هەروەها لاوازی کارایی شێوازەکانی کۆکردنەوەی باج کە داموودەزگا حکومیەکان بەکاری دەهێنن، چونکە پێوەرەکانی دادپەروەری لە پاڵ هاوسەنگی لە داهاتی باجە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان و پیادەکردنی باجە هەڵکشاوەکان( تصاعدی)، هەستکردنی هاووڵاتیانە بەوەی ئەو باجەی دەیدەن، کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانە دەبێت کە حکوومەت پێشکەشیان دەکات، لە چاودێری تەندروستی و پەروەردە و گواستنەوە و مافە سەرەتاییەکانیتری مرۆڤ کە دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنیان، هەروەها باجدەران دڵنیا بن لەوەی باجدەرە هاوئاستە ئابووریەکانیان، یەك بڕە باج و بە یەکسانی دەدەن، وە یاسا بەسەر هەموان بە بێ جیاوازی و ڕێزپەڕ جێبەجی دەکرێت، سەرەڕای کارایی ئامرازە سیاسی و یاساییەکانی لێپێچینەوەی حکوومەت لەسەر ئەدایان لە بەرامبەر ئەو باجانەی کە لە کۆمەڵگا وەری دەگرن( [1]).

چوارەم: پابەند نەبوون بە ئەرکی خۆتۆمارکردن:

کێشەی تۆمارنەکردنی گشت ئەو کەسانەی کە داهاتیان هەیە یان داهاتیان دەست دەکەوێت لە هەرێمی کوردستان لە یاسای باجی دەرامەتی لە ماددەی (27) لە بڕگەی (یەکەم و دووەم) باسی ئەوە دەکات کە هەر کەسێك داهاتی هەبێت و ملکەچ بێت بۆ باج ئەوا پێویستە لە ماوەی دیاریکراو سەردانی فەرمانگەی باج بکات بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی داهاتەکانی، جێبەجێکاری ئەم ماددەیە بریتی یە لە دەسەڵاتی دارایی، کە ئەم دەسەڵاتە وەك ئەرکی سەرشانی داوا دەکات گشت ئەوانە تۆمارکراون و ئەوانەی تۆمار نەکراون، بەڵام کێشە چیە بۆ ئەم باجدەرانە هەڵناستن بەم ئەرکە. هۆکارەکانی چیە؟

بە بۆچوونی ئێمە هۆکارەکانی نەهاتنی ئەم چینە لە کۆمەڵگا بۆ خۆ تۆمارکردنیان لە فەرمانگەکانی باج بریتیە لەمانە:

-دادپەروەری (العدالە): لە گرنگترین هۆکارەکانی خۆ دزینەوە لە باج و هەڵگەڕانەوە لە یاساکانی باج بریتییە لە نەبوونی دادپەروەری لە باج، کاتێك دەسەڵاتی دارایی بە ئەرکی دادپەروەری خۆی هەڵسا، بۆ باجدەرەکان هاندەر دەبێت ئەرکی سەر شانیان جێبەجێ بکەن لە بەرامبەر ئەمەشدا خۆیان تۆمار بکەن.

-واقعیبوون (الواقعیە): پێویستە سیستەمی باج بگونجی لەگەڵ ئاستی گووزەران و بارودۆخی ئابووری و دارایی و ئاستی داهاتی تاك، تاوەکو ئەم کەسانە سەردانی فەرمانگەکانی باج بکەن، بە گویرەی مادەی 28/ دووەم لە دەستوری عیراقی 2005.

-بێلایەنی و لێهاتوویی نەبوونی فەرمانبەرانی باج لە خەمڵاندن و وەرگرتنی باج.

-ڕێکاری سادە و ئاسان بەکار بهێنرێت لە سەپاندنی باج و وەرگرتنی، وە دوورکەوتنەوەی لە شێوازی ئاڵۆزو نا ڕوون.

-کەمی فەرمانبەرانی باج بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی کە تۆمار نەکراون لە تۆمارەگەکانی باج.

-نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان فەرمانگەی باج لەگەڵ دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار بەم کێشەیە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە فەرمانگەی باج ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر:

١- دەرکردنی ڕێنمایی کە ئاسانکار و ڕوون بێت، بۆ ئەوەی باجدەر هەست بە دادپەروەری و چۆنیەتی بەکارهێنانی داهاتەکان بکات.

٢- زیادکردنی فەرمانبەر و خەمڵێنەر بە جۆرێك ڕاهێنانیان پێکرابێت، کە لێهاتوو بن لە بوارەکەیان و چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ باجدەرەکان، وە هەروەها شارەزا بن لە یاسا و ڕێنماییەکان بە تایبەتی پاراستنی نهێنی باجدەران.

[1] میسوم خـــالد، العدالة الضريبية كمعيار للأمن القانوني والاستقرار السياسي ومحاربة التهرب الضريبي، مجلـة الحقوق والعلوم الانسانية، المجلد( ١٦)، العـــدد(١)٢٠٢٣، ص٧٥٧

٣- دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان فەرمانگەی باج و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و سەندیکاکان وەك وەزارەتی شارەوانی، ناوخۆ، پەروەردە، بازرگانی، خوێندنی باڵا......هتد.

## باسی دووەم
## گرنگترین گیروگرفتەکانی یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرییە پێشنیارکراوەکان

ئەو گیروگرفتانەی لە یاسای باجی دەرامەتی عیراقی ژمارە 113 سالی 1982 هەموارکراو و هەر دوو هەمواری یاسای ژمارە 26 سالی 2007 و یاسای ژمارە 20 سالی 2011 لە هەرێمی کوردستان لەسەر باجی دەرامەت چەندان سالی بەسەریدا رۆیشتووە و کە گۆرانکاری و پێشکەوتنی زۆر روویداوە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و دارایی و سیاسی، هەروەها زۆری ئەو کەم وکوریانەی کە لە هەمواری یاساکەدا هەیە وا پێویست دەکات چارەسەری ئەم بارە بکرێت لە رێگای پێشنیارکردن بە هەموارێکی نویٚ کە بگونجێ لەگەل ئەم پێشکەوتنانەی روودەدات لە ناوخۆی وولات و دەرەوەی وولات، بۆیە ئەو ماددانە دەخینە روو کە گیروگرفتیان تێدایە و چارەسەری پێشنیارکراوی پێویست بۆ ئەم بابەتانە باس دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: لە یاسای ژمارە 26 سالی 2007 لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی (1)/ بڕگەی (10/ج) هەمواری یاسای باجی دەرامەت هاتووە ( ئەو هاووڵاتیانەی لە رۆڵەکانی هەرێمی کوردستانن و لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن، وەك کەسی نیشتەجێ ( مقیم) بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئەم یاسایە حسێب دەکرێن)

ئەوەی تێبینی دەکرێت و کێشەی دروست کردووە ئەم ماددەیە بە رەهایی هاتووە واتە گشت هاولاتیانی هەرێمی کوردستان کە لە دەرەوە نیشتەجێن بە کەسی نیشتەجێ هەژماری دەکات بۆ سەپاندنی باج بەبێ ئەوەی ماوەیەك یان هۆکارێك دیاربکات کە وای کردووە لە دەرەوە نیشتەجێ ببێت، ئەمەش نادادپەروەری لە نێوان هاولاتیان و باجدەران دروست دەکات و دەبێتە هۆکارێك بۆ خۆدزینەوە لە باجدان، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم بڕگەیە هەموار بکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە:

أ - ئەو عێراقییەی کە ماوەی نیشتەجێبوونی لە عێراق کەمتر نەبێ لە (چوار ) مانگ لەو ساڵەدا کە داهاتەکەی تێدا وەدی هاتووە، یان ئامادە نەبوونی لە عێراق ئامادە نەبوونێکی کاتی بێت هەروەها ئەرکی بە شێوەیەکی بەردەوام و شوێنی سەرەکی کارکردنی هەر لە عێراق بێت.

ب - ئەو عێراقییەی لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێیە لە کارمەندی فەرمانگە فەرمییەکان و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و خانەنشینەکان و ئەوانەی حکومەت ڕاژەکەیانی خواستووتەوە بۆ کەسێکی واتایی لە دەرەوەی عێراق ئەگەر بێت و بەخشرابێت لە باج لە شوێنی کارکردنی خۆی.

دووەم: سەبارەت بە هەمواری لێخۆشبوونەکان:

دووەم/1 : لە ماددەی ( 5 / برگەی 3) لە یاسای ژمارە 26 سالی 2007 ی هەرێمی کوردستان هاتووە کە دوو برگەی زیاد کردووە و دەلێ ( 27- ترومبێلی تاکسی(5) نەفەی و پاسی گەورە و بچووکی گواستنەوەی نەفەر لەناو شار و لە نێوان شارەکاندا.

٢٨- تراکتۆر و دەڕاسەی کشتوکاڵی و ترومبێلی بارهەڵگری بچووك (پیکەب دەبڵ ) یەك تۆنی ).

ئەوەی تێبینی دەکرێ و گیروگرفتی دروست کردووە لە هەردوو بڕگەکە بریتیە لە شوێن وجۆری ئۆتۆمبیلی بچووك وگەورە لە ناو شار و دەرەوەی شار، کە ئەمەش رێگایەکی ئاسان بۆ خۆدزینەوە دەدات بە باجدەران لەلایەك، ولەلایەکی تر نا یەکسانی و نادادپەروەری دروست دەکات، بۆیە پێویست بوو دەقەکە گشتگیر بێت بۆ ئەوەی زۆرترین هاولاتی سوودمەند بێت و هەست بە دادپەروەری بکەن وە لەگەل بار ودۆخی ئابووری وولات بگونجێ، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم بڕگەیە بەم شێوەی خوارەوە هەموار بکرێتەوە:

١- قازانجی بەکارهێنانی هەموو جۆرە ترومبێلێکی کرێ و هەموو جۆرەکانی پاسی گواستنەوەی سەرنشین.

٢- هەموو جۆرە ترومبێلێكی بارهەڵگر بارەكەی هەر چەندێك بێت.
٣- تراكتۆر و دەراسەی كشتوكاڵی و ئامێرەكانی كشتوكاڵی.

دووەم/2 : ماددەی (7 ) لە یاسای باجی دەرامەتی عیراقی ژمارە 113 سالی 1982 كە ژمارەیەكی زۆر لە لایخۆشبوونی داوە ئینجا بە هۆكاری ئابووری یان كۆمەلایەتی یان دارایی یان سیاسی یان كارگێری بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە زۆر كۆنە نەی توانیوە لەگەل زۆرێك لە پێشكەوتنەكان بروات بۆیە هەندەك لە كار وچالاكی زیادی كردووە ئەم یاسایە تا ئیستا باسی نەكردووە ئەمەش خۆی لە خۆیدا كاریگەری لەسەر داهاتی گشتی دەبێت لەلایەك، وە لە لایەكی تر بۆشایی و ناروونی بۆ یاساكە جێدەهێلێ، بۆیە لە ماددەی (7/ برگەی 1) دەلی ( ئەو دەرامەتە كشتوكاڵییەی كە لەكشتوكاڵی وئاژەڵدار و بەروبوومە ڕووەكیەكان و ئاژەڵییەكان وەدی هاتووە، لەناویشیاندا بەخێوكردنی ئاژەڵ)

بەلام ئەوەی تێبینی دەكرێت دوو چالاكی كە ئیستا لە هەرێمی كوردستان زۆر زیادی كردیە ئەویش حەوزەكانی ماسی و هەنگەوانەكانە، بۆیە پرسیارەك دێتە ئاراوە ئایا ئەم دوو چالاكیە دەچێتە ناو بە خێو كردنی ئاژەل؟ بۆیە تا ئیستا ئەمە روون نەكراوتەوە، بەلام دەتوانری هاوشێوەی هاندانی كەرتی كشتوكالی و بە خێوكردنی ئاژەلی، هاندانی ئەم دوو چالاكیەش بدرێت لە هەرێمی كوردستان لێخۆشبوونیان بۆ بكرێت، بەلام بە رێگای هەموار كردنی ئەم بڕگەیە بەم شێوەی خوارەوە:

(ئەو دەرامەتە كشتوكاڵییەی كە لەكشتوكاڵی وئاژەڵدار و بەروبوومە ڕووەكیەكان و ئاژەڵییەكان وەدی هاتووە، لەناویشیاندا بەخێوكردنی ئاژەڵ و حەوزەكانی ماسی و نەهەنگەوانەكان.)

دووەم/ 3 : لە ماددەی (7/ برگەی 13) هەمان یاسا دەلی ( داهاتی ئەو هوتێلە پلە نایاب و پلە یەكانەی كە لە بەغدان و لە كاتی دروستكردنیان و لە ماوەی (5) ساڵی یەكەمی دەستكردنیان بە وەبەرهێنان، هەرچی هۆتێلە هاوشێوەكانی دەرەوەی شاری بەغدان ماوەی لێخۆشبوونیان لە باج (7) ساڵ دەبێت لەسەرەتای دەستكردنیان بە وەبەرهێنان . بە جۆرێك ئەم لێخۆشبوونە ئەو شوێنانە ناگرێتەوە سەربەو هۆتێلانن و پەیوەندییان نییە بەكاری وەبەرهێنانی هۆتێلەكانەوە، لە نموونەی كۆگا و هۆڵەكانی نمایش، جا ئەم شوێنانە چلەلایەن وەبەرهێنەرەوە بە كرێ گیرابێت ، یان راستەوخۆ وە بەرهێنانی تێدا كرابێت( ئەوەی تێبینی دەكرێ لەم برگەیە ناگونجێ لەگەل ئەو پێشكەوتنە بازرگانیەی لە بواری وەبەرهێنان و بیناسازی و پیشەسازی هاتوتەكایەوە، چونكە ئەم یاسایە زۆر كۆنە (40) پێش ئیستایە، بۆ پاراستنی داهاتی گشتی وولات و رێگریكردن لە خۆدزینەوە لە باجدان پێشنیار دەكەین بە هەمواری ئەم بڕگەیە بەم شێوەی خوارەوە:

(داهاتی ئەو هۆتێل و ریستۆرانتانەی پلە یەك و نایابن بۆ ماوەی (3) ساڵ لە ناو سەنتەری پارێزگاكانی هەرێم و بۆ ماوەی (5) ساڵ لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاكانی هەرێم لە ڕۆژی پێشكێشكردنی خزمەتگوزارییەوە، بە مەرجێك ئەم لێخۆشبوونە ئەو خزمەتگوزارییانە ناگرێتەوە كە پەیوەندی نیە بە خزمەتگوزارییەكانی هۆتیلەوە، وەك ( هۆڵی نمایش، ئارایشگا، شوێنی فرۆشتنی كەلوپەلی ئەنتیكە و هتد... ).

سێیەم: مادەی (32) لە یاسای باجی دەرامەتی عیراقی ژمارە 113 سالی 1982 هاتووە ( لەسەر دەسەڵاتی دارایی پێویستە لەسەر بنەمای داهاتی ڕاستینە باج دیاری بكات،ئەگەر بێت و یەكێك لە باجدەران داهاتەكەی نەخەملێندرا بوو یاخود، كەمتر لە بڕی راستەقینەی خۆی خەملێندرا بێت لە كۆتا ساڵی خەملاندندا یان لە یەكێك لە ساڵەكانی (5)پێنج ساڵی رابردوودا ئەمە كاریگەری نابێ لەسەر ئەو مافەی دەسەڵاتی دارایی لە گەڕانە و بۆ خەملاندن، با لە كاتی خۆشیدا ئاگادار نەكرابنەوە)

ئەوەی تێبینی دەكرێ لەم ماددەیە كەم وكوڕی وناروونی هەیە وا لە باجدەران دەكات زۆر بە ئاسانی خۆدزینەوە ئەنجام بدەن و لە رێگای خۆتۆمارنەكردن چونكە لێ پرسینەوەكە نایترسێنی لە خۆدزینەوەكە لە ئەنجامدا گیروگرفت بۆ فەرمانگەی باج دروست دەكات لە جێبەجێكردنی ئەم ماددەیە و نەگەڕانەوە بۆ سەریان یان بەلای كەم لە دەستدانی بەشێكی لەو داهاتەی كە ملكەچ بووە بۆ باجدان ئەمەش گاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر داهاتی گشتی وولات، بۆیە پێشنیار دەكەین بە هەموار كردنی ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە:

(لەسەر دەسەڵاتی دارایی پێویستە لەسەر بنەمای راستینە باج دیاری بكات و مافی گەڕاندنەوە بۆ خەملاندنیشی هەیە بۆ ئەوەی پێشتر خەملاندنی بۆ كراوە بە كەمتر لەوەی كە لە راستیدا هەیە، ئەگەر بێت و بەڵگەی بەرجەستە دەركەوت،

لەناویشیاندا هەوڵدەری نووسراو، ئەمە بۆ پێنج ساڵی رابردوو بەدەر لە ساڵی خەمڵاندن، بەڵام بۆ ئەو داهاتانەی خەمڵاندنیان بۆ نەکراوە، ئەوا گەڕاندنەوە بۆ خەمڵاندن لە بەرواری وەدیهاتنی داهاتەکەوە دەبێت، ئاگادارنەکردنەوەی باجدەریش بێت کاریگەری لەسەر ئەو مافەی دەسەڵاتی دارایی نابێت).

چوارەم: سەبارەت بە بڕی پێبژاردن بۆ ئەو باجدەرانەی کە ڕاپۆرت پێشکەش ناکەن یان دوادەکەون، بەپێ بڕیاری ئەنجوومەنی شۆرشی هەڵوەشاوە ژمارە (743) لە سالی ( 1987) کە دەلی (دەسەڵاتی دارایی بڕە پارەیەکی سەربار ( ئیزافی) دەسەپێنێت بە ڕێژەی (10٪) لە سەدا دە لە باجی وەدیهاتوو بە جۆرێك لە ( 500) ( پێنج سەد دیناری چاپی سویسری) (75) هەزار دینار زیاتر نەبێت، بۆ ئەو باجدەرانەی کە راپۆرتی باجی دەرامەتیان پێشکەش نەکردووە یان ڕێگری دەکەن لە پێشکەش کردنی تاکوو (5/30 ) ی هەموو ساڵێك، ئەگەر بێت و نەتوانرا بسەلمێندرێت کە باجدەری هیچ بەهانەیەکی رەوای هەبووە )، بەڵام تا ئێستا ماددەیەك نیە چارەسەری ئەم بارە بکات لە یاسای باجی دەرامەت، بۆیە پێشنیار دەکەین بە زیاد کردنی بڕگەیەك لە ماددەی (27) لە یاسای باجی دەرامەت بڕی پێبژاردن و ماوەی نەدانی باج دیاری بکرێت بۆئەوەی دوور بێت لە بنەمای نا مشروعیەت، بەم شێوەی خوارەوە:

(دەسەڵاتی دارایی بڕە پارەیەکی سەربار ( ئیزافی) دەسەپێنێت بە ڕێژەی (10٪)( لە سەدا دە) لە باجی وەدیهاتوو بە جۆرێك لە (500000) (پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی) زیاتر نەبێت بۆ ئەو باجدەرانەی کە راپۆرتی باجی دەرامەتی پێشکەش نەکردووە یان ڕێگری دەکات لە پێشکەش کردنی تاکوو (6/30 ) ی هەموو ساڵێك، ئەگەر بێت و نەتوانرا بسەلمێندرێت کە باجدەری هیچ بەهانەیەکی رەوای هەبووە ).

پێنجەم: ماددەی (4) لە یاسای ژمارە 20 سالی 2011 هەمواری یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە لێبرینی ڕاستەوخۆ لە مووچە وکرێی فەرمانبەران وکرێکاران هاتووە ( باج دەسەپێنرێت بە رێژەی 5٪ بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان سەرووی ملێونێك دینارە، بۆ هەموو پلە وەزیفیەکانی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت کە بە فەرمی تۆمارن و خاوەن پۆست و پلەی وەزیفی تایبەتن ).

لەم ماددەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەقێکی ناڕوونە لە دوو لایەنەوە:

١- دانانی رێژەی (5%) لە یەك ملیون دینار زیاتر بێت لەسەر مووچەی فەرمانبەران و کرێکاران، بۆیە پرسیار دەکەین ئایا ئەم یەك ملیون دینارە دیاری کراوە لە مووچەی گشتیە یان مووچەی بنەڕەتی؟ بۆیە ئەم دەقە ناڕوونە چونکە بە ڕەهایی هاتووە پێویستی بە دیاری کردنی هەیە بە ئاشکرا وڕوونی؟

٢- لە ڕووی سماحاتەوە نادادپەروەریەکی زەق دەبینرێ، چونکە لە ماددەی (12) یاسای باجی دەرامەت ڕێژەی سماحاتی باجدەر دیار کردووە بە (2500000) دوو ملیون پێنج سەد هەزار دینار، بەڵام کە سەیری ماددەی (4) دەکەی مانگانە (1000000) یەك ملیون دینار سماحی داوەتە باجدەری مووچەخۆر واتە سالانە بری (12) ملیون دینار داشکان لە سماحاتی بۆ دەکرێت، ئەمەش پێشێلی بنەما دستوری ویاسایی کراوە لە یەکسانی و دادپەروەری لە باجدان لە نێو باجدەران، بۆیە پێشنیار دەکەین بە هەمواری ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە:

١- باج دەسەپێنرێت لەسەر مووچەی گشتی هەموو کارمەندان لە هەرێم چ لە کەرتی گشتی بن یان لە کەرتی تایبەت.

٢- لێبوردنی یاسایی بە شێوەی مانگانە وەردەگرێت هەروەك لە بڕگەی (2) ی ماددەی(3)ی یاسای (26)ی ساڵی (2007) کە هەمواری پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113) هەموار کراوی ساڵی (1982) ە.

٣- بەهای باج بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

ڕێژەی (3٪) تا(1000000) یەك ملیۆن دینار.

ڕێژەی (5٪) سەرووی (1000000 ) یەك ملیۆن دینار.

شەشەم: ماددەی (55) لە یاسای باجی دەرامەتی عیراقی کە دادگاکان قەدەغە دەکات لە بینینی داوای باجی، بەلام دوای دەرچوونی دستوری عیراقی 2005 زۆر بە روونی لە ماددەی (100) باس پارێزاو نەبوونی هیچ بریارێکی کارگێری دەکات لە

تانە دان لە دادگا، هەر بۆ ئەم مەبەستە یاسای ئەنجوومەنی شورای ژمارە (14) سالی 2008 لە هەرێمی کوردستان([1] )، لە ماددەی (13/ بڕگەی شەشەم)دەسەلاتی سەیر کردنی داواکانی باجی داوە بە دادگای کارگێری بەڵام بە مەرجێك تانەی کارگێرە کۆتای دەرچوو بێت لەلایەن لیژنەکانی فەرمانگەی باج، بۆیە تاوەکو ئیستا ماددەی (55) بە هیچ دەقێك هەلنەوەشاوەتەوە لە هەرێمی کوردستان، بەلام لە عیراق بە یاسای ژمارە (3) سالی 2015 بە دەقیکی ئاشکرا هەلوەشاوەتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەین بە هەلوەشانەوە ماددەی (55) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113) سالی 1982، وپێکهێنانی دادگایەکی تایبەت بە باج بۆ نەهێشتنی ناکۆکی باجی بۆ پارێزگاری وهێنانەدی دادپەروەری لە نێوان باجدەران لەلایەك و فەرمانگەی باج لە لایەکی تر.

حەوتەم: ماددەی (2) لە یاسای باجی دەرامەتی عیراقی هاتووە ( باج لەسەر سەرچاوەی داهات دەسپێنرێت)

لەم ماددەی بۆمان دەردەکەوێت کە لەگەل سروشتی باج ناگونجێ چونکە سەرچاوەی داهات کە لە ماددەکەدا هاتووە دەکرێ سەرماییە بێت نەوەك داهات، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم ماددەیە هەموار بکرێتەوە بەم شێوەیی خوارەوە:

(سەپاندنی باج لەسەر ئەو داهاتانەی هاتووە لەم ماددەیە)

هەشتەم: ماددەی (2) لە یاسای ژمارە 20 سالی 2011 هەمواری باجی دەارمەت لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە گواستنەوەی خاوەنداریەتی خانووبەرە تێدا هاتووە

أ - خانوو یان شوقەی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتییەکەی بە فرۆشتن یان هەر رێگایەك لە رێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی کە هەقی فرۆشتنەکەی هەر چەند بێت.

ب - یەك پارجە زەوی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون بە مەرجێك رووبەری زەوی ناوبراو کە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە کراوە لە (800) م٢زیاتر نەبێت، ئەگەر رووبەرەکەی لەو رادەیە زیاتر بوو، زیادەکە باجی دێتە سەر.

ج - ڕاسپێردراو سوود لەو بەخشینە وەرناگرێت کەلە هەردوو بەندی (أ، ب ) ی ئەم برگەیە دایە تەنیا بۆ یەك جار نەبێت لە ماوەی (پێنج )ساڵ لە ڕۆژی وەرگرتنی بەخشینەکەوە.

لەم ماددەی سەرەوە دەردەکەوێت کە دەقێکی گشتگیرە وزۆر بە سادەیی و ناروونی نوسراوەتەوە و زۆر پرسیاری لای باجدەران دروست کردووە، لەبەر ئەوەی هاولاتیان ڕۆژانە مامەلە کردن بە گواستنەوەی خاوەنداریەتی خانووبەرە زۆر دەکەن، بەمەش باجدەران دەتوانن بە ئاسانی خۆدزینەوە لە باجداندا بکەن ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتی گشتی دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم ماددەیە هەموار بکرێتەوە بەم شیوەی خوارەوە:

أ - خانوو یان شوقەی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتییەکەی بە فرۆشتن یان هەر رێگایەك لە رێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی کە هەقی فرۆشتنەکەی هەر چەند بێت، ئەگەر بێت و خاوەنەکەی یان خێزانی یان یەکێك لە منداڵە ناکامەکانی خانوو یان شوقەی ئاماداکراو بۆ نیشتەجێ بوونی نەبێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەرواری فرۆشتنی لە شوێنی یاسای نیشتەجێبوونی، ئەگەر باجدەری ئاماژە پێکراو خۆی یان خێزانی یان یەکێك لە منداڵە ناکامەکانی پارچە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون یان زیاتری هەبێت هیچ ڕێگرییەك نیە بۆ سوودمەند بوون لەو لێبوردنە، ناتوانێت لێخۆشبوون وەربگرێت هەر کەسێك لە بەندی (ب) ی ئەم ماددەیە سوود مەند بوویێت.

ب - لە کاتی فرۆشتنی یەك پارچە زەوی ئاماژەکراو بۆ نیشتەجێبوون یان گواستنەوەی بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی نرخەکەی هەر چەندێك بێت، ئەگەر بێت و خاوەنەکەی یا خێزانی یان یەکێك لە منداڵە ناکامەکانی خانووی نیشتەجێبوون یان شوقەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوونی نەبێت بە شیوەی سەربەخۆ لە بەرواری فرۆشتنەکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆی بە جۆریك ڕووبەری پارچە زەوییە ئامادەکراوەکەی بۆ نیشتەجێببون لە (800) م 2زیاتر نەبێت، ئەگەر رووبەرەکەی لەوەندە زیاتر بوو ئەوا رووبەرە زیادەکە ملکەچ دەبێت بۆ باج ( بە ڕێژەی بەهای رووبەرە زیادەکە بۆ بەهای گشتی موڵکەکە )، ئەوەی سوودە مەند بێت لەو لێخۆشبوونەی کەلەم بەندەدا هاتووە ناتوانێت سوود مەند بێتلەو لێخۆشبوونەی لە بەندی (أ) ی ئەم ماددەیەدا هەیە.

---

[1] میسوم خـــالد، العدالة الضريبية كمعيار للأمن القانوني والاستقرار السياسي ومحاربة التهرب الضريبي، مجلة الحقوق والعلوم الانسانية، المجلد( ١٦)، العــــدد(١)٢٠٢٣، ص٧٥٧

**ج - هیچ باجدەرێك ناتوانێت لەو لێخۆشبوونانەی لە بەندی (أ) و(ب) ی ماددەیەدا هاتووە سوودمەند بێت، تەنیا یەك جار نەبێت لە ماوەی (5) پێنج ساڵدا لە بەرواری ئەو فرۆشتنەی لە پێشوودا لێخپشبوون سوودمەند بووە.**

**د - پارچە زەوی یان خانوو یان شووقەی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون بە پێێ واقعی حاڵ و ئەوەی کە بە فعلی هەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەچاوپۆشین لەوەی لە قەواڵەی تۆماری خانووبەرەی ئاماژەی پێکراوە.**

**ە- هەر خانوو یان شووقەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون خاوەندارییەکەی بە شێوەی کۆبەشی (الشیوع) لەلایەن ژنو مێردەوە یان لەلایەن ئەوان و منداڵە ناکامەکانیانەوە بێت وەکو خانوو یان شووقەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون ، وایە بۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ.**

**و - ئەو لێخۆشبوونەی لە بەندی (أ) و (ب) ی ئەم ماددەیەدا هاتووە فرۆشتنی خانوو و شووقە ی نیشتەجێبوون و زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون ناگرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خاوەنەکەی، تەنیا مەگەر خاوەن موڵك یان خێزانی یان منداڵە ناکامەکانی هیچ خانوو و شووقەی نیشتەجێبوون و پارچە زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوونیان نەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان یان هیچ شوێنێکی دیکە.**

**ز - حوکمەکانی هەردوو بەندی (أ) و(ب) ی ئەم بڕگەیە گواستنەوەی موڵکایەتی بەشی جیاکراوەکان (الاجزاء المفرزە ) لە خانوبەرە دەکرێتەوە لە بەرواری (1978/1/1) ەوە بە پێێ موڵکەکانی یاسا جا ئەو بەشە جیا کراوە بینای لەسەر کرای بێت یان بەتاڵ بێت، ئەم لێخۆشبوونە ئەو بەشە جیاکراوانە نەگرێتەوە کە ئامدەکراو بێت بۆ نیشتەجێبوون وەکو دوکان و کۆگا و هاوشێوەکانیان.**

**ح - لێخۆشبوون ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن تەنیا مەگەر ماوەی مانەوەی لە دەرەوە بە شێوەیەکی کاتی بێت وەك خوێندن و شاندن و فەرمانبەرێتی.**

**خ - لە حاڵەتی جیاکردنەوەی پارچە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون کە بەندی ( ب ) ی ئەم بڕگەیە دەگرێتەوە، بۆ پارچە زەوییەك کۆی رووبەرەکەی لە (800) م2 زیاتر بێگ ئەوا لێخۆشبوون ئەو پارچە یان پارچە جیاکراوە دەگرێتەوە تا سنووری (800) م2، لەو رووبەرە زیاتر ملکەچ دەبێت بۆ باجی دەرامەت لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتی چ بە فرۆشتن یان هەر رێگایەك لە رێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی.**

**ی - ئەو لێخۆشبوونەی لە بەندی (أ) و (ب) ی ئەو بڕگەیەدا هەیە بۆ ئەو فرۆشیارانەی نابێت کە بەشی باسێکیان لە خانووی نیشتەجێ دیکە یان شوقەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوی ئامادەکراو هەیە و فرۆشتوو یان مادام زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر گواستنەوەی موڵکایەتی ئەو بەش و پشکەدا تێنەپەڕیوە.**

**نۆیەم: زیاد کردنی ماددەیەکی یاسای لە یاسای باجی دەرامەت تایبەت بە باجی فرۆشراوەکان لە هەرێمی کوردستان، چونکە سەرەتا بە بڕیاری ژمارە (36) سالی 1997 لە عیراق سەپێنرا، دواتر لە ناو یاسا یەك لە دوا یەکەکانی بووجەی گشتی لە عیراق لە 2015 تا 2022 کۆمەلێك لەم باجە سەپێنرا، بەلام رێکارەکانی جێبەجێکردنی گەرێنرایەوە ناو یاسای باجی دەرامەت، بۆیە پێشنیار دەکەین سەپاندنی و رێکارەکانی ئەم باجە بە ماددەیەك لە ناو باجی دەرامەتی هەرێمی کوردستان زیاد بکرێت بەم شێوەی خوارەوە:**

**١- باجی فرۆشراوەکان بە رێژەی (10٪) (لە سەدا دە ) دەسەپێنرێت لەسەر هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی هۆتێل و رێستورانتە پلە نایابەکان پێشکەشی دەکەن.**

**٢- ئیدارەی ئەو شێنە گشتیارییانەی لە خاڵی (یەکەم) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەرپرس دەبن لە کۆکردنەوەی باجی فرۆشراوەکان و حەواڵەکردنی مانگانە بۆ وەزارەتی دارایی لە ماوەی (10) ڕۆژی یەکەمی دوای ئەو مانگەی کە باجەکەی تێدا وەدیهاتووە.**

**٣- ئەگەر بڕی باجی کۆکراوەی فرۆشراوەکان بە هەر هۆکارێك لەو ماوە دیاریکراوەی کە لە بەندی (دووەم )ی ئەم ماددەیەدا هاتووە حەواڵە نەکرا، ئەوا بڕی باجەکە سووی بانکی دەکەوێتە سەر لە لایەن بانکە بازرگانییەکانەوە کە ئیدارەی شوێنە گەشتیارییەکان بەرپرسیارێتی دانی ئەم سووە دەکەوێتە ئەستۆیان.**

**٤- ئیدارەی شوێنە گەشتیارەکان بەرپرس دەبن لە کۆکردنەوەی باجی کەوتووی فرۆشراوەکان و دانی سووی بانکی.**

**٥- وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.**

## کۆتایی

**لە کۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەم دەرئەنجام وپێشنیارانەی خوارەوە:**

**یەکەم: دەرئەنجام**

**١- یاسای باجی دەرامەتی عیراقی ماوەی چل سالە دانراوە، کاریگەری بارودۆخی شەڕ و سیستەمی سۆشیال وبڕیارەکانی ئەنجوومەنی شۆرش هەڵوەشاوەی پێوەدیارە، وە ئەم یاسایە لەبەر ئەم کاریگەریانە کۆمەڵێك هەموارکردنەوەی بەسەرداهاتووە و بۆتە هۆی خراپی کولیتی داراشتنی یاساکە کە زۆرێك لە دەقەکانی هەڵەی مادی ویاسایی تێکەوتووە.**

**٢- لە یاسای باجی دەرامەتی عیراقی کۆمەڵێك پێشێلی بنەما دستوری ویاسایی تێدایە وا کردووە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر مافەکانی باجدەر لەلایەك، لەلایەکی تر داهاتی گشتی دەولەت بە هۆی نادادپەوەری و نا یەکسانی لە بەر زۆری هەمواری یاساکە و جێبەجێکردنی نا تەندروست.**

**٣- لە یاسای ژمارە (26) سالی 2007 هەمواری یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان زۆرێك لە دەقەکانی هەموارکراوەتەوە لەبەر خراپی کوالیتی دارشتنەکەی و هەلە وبۆشایی و ناڕوونی تێدا، زیانی زۆری لە خەزێنەی گشتی دا وەك لە گواستنەوەی خاوەندارێەتی خاانووبەرە.**

**٤- لە یاسای ژمارە (20) سالی 2011 هەمواری یاسای ژمارە (26) سالی 2007 بەرکار لە هەرێمی کوردستان کەموکوڕی تێدایە پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیە جارێکی تر، وەك لە ماددەی (2) ئەم یاسایە زۆر ناڕوونی و بۆشایی لە دارشتنەکەی هەیە بۆتە هۆی خۆدزینەوەی باجدەران بە شێوەی بەشی بێت یان هەمووی، هەوەرها لە ماددەی (4) ی هەمان یاسا پێشێلی بنەما یەکسانی لە دستور کراوە، لە نادادپەروەری و جیاوازی لە نێوان باجدەران لە بڕی سماحاتی سالانە، کە بڕیکی زۆر دراوە بە چینی فەرمانبەران و کرێکاران.**

**دووەم: پێشنیارەکان**

**١- پێشنیار دەکەین بڕگەی (3) لە ماددەی (1) لە یاسای ژمارە (26) سالی 2007 هەموار بکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە:**

**أ- ئەو عێراقییەی کە ماوەی نیشتەجێبوونی لە عێراق کەمتر نەبێ لە (چوار ) مانگ لەو ساڵەدا کە داهاتەکەی تێدا وەدی هاتووە ، یان ئامادە نەبوونی لە عێراق ئامادە نەبوونێکی کاتی بێت هەروەها ئەرکی بە شێوەیەکی بەردەوام و شوێنی سەرەکی کارکردنی هەر لە عێراق بێت.**

**ب- ئەو عێراقییەی لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێیە لە کارمەندی فەرمانگە فەرمییەکان و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و خانەنشینەکان و ئەوانەی حکومەت ڕاژەکەیانی خواستووتەوە بۆ کەسێکی واتایی لە دەرەوەی عێراق ئەگەر بێت و بەخشرابێت لە باج لە شوێنی کارکردنی خۆی.**

**٢- سەبارەت بە هەمواری لێخۆشبوونەکان پێشنیار دەکەین ماددەی ( 5 / برگەی 3) لە یاسای ژمارە 26 سالی 2007 ی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە هەموار بکرێتەوە:**

**أ- قازانجی بەکارهێنانی هەموو جۆرە ترومبێلێکی کرێ و هەموو جۆرەکانی پاسی گواستنەوەی سەرنشین.**

**ب- هەموو جۆرە ترومبێلێکی بارهەڵگر بارەکەی هەر چەندێك بێت.**

**ت- تراکتۆر و دەراسەی کشتوکاڵی و ئامێرەکانی کشتوکاڵی.**

**٣- پێشنیار دەکەین ماددەی (7/ برگەی 1) لە یاسای ژمارە 26 سالی 2007 ی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە هەموار بکرێتەوە:**

**(ئەو دەرامەتە کشتوکاڵییەی کە لەکشتوکاڵی وئاژەڵدار و بەروبوومە ڕووەکیەکان و ئاژەڵییەکان وەدی هاتووە، لەناویشیاندا بەخێوکردنی ئاژەڵ و حەوزەکانی ماسی و نەهەنگەوانەکان).**

**٤- پێشنیار دەکەین ماددەی (7/ برگەی 13) لە یاسای ژمارە 26 سالی 2007 ی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە هەموار بکرێتەوە:**

**(داهاتی ئەو هۆتێل و ریستۆرانتانەی پلە یەك و نایابن بۆ ماوەی (3) ساڵ لە ناو سەنتەری پارێزگاکانی هەرێم و بۆ ماوەی (5) ساڵ لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکانی هەرێم لە ڕۆژی پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەوە، بە مەرجێك ئەم**

لێخۆشبوونە ئەو خزمەتگوزارییانە ناگرێتەوە کە پەیوەندی نیە بە خزمەتگوزارییەکانی هۆتیلەوە، وەك ( هۆڵی نمایش، ئارایشگا، شوێنی فرۆشتنی کەلوپەلی ئەنتیکە و هتد... ).

٥- پێشنیار دەکەین مادەی (32) لە یاسای باجی دەرامەتی عیراقی ژمارە 113 سالی 1982 هەموار بکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە:

(لەسەر دەسەڵاتی دارایی پێویستە لەسەر بنەمای راستینە باج دیاری بکات و مافی گەڕاندنەوە بۆ خەمڵاندنیشی هەیە بۆ ئەوەی پێشتر خەمڵاندنی بۆ کراوە بە کەمتر لەوەی کە لە راستیدا هەیە، ئەگەر بێت و بەڵگەی بەرجەستە دەرکەوت، لەناویشیاندا هەوڵدەری نووسراو، ئەمە بۆ پێنج ساڵی رابردوو بەدەر لە ساڵی خەمڵاندن، بەڵام بۆ ئەو داهاتانەی خەمڵاندنیان بۆ نەکراوە، ئەوا گەڕاندنەوە بۆ خەمڵاندن لە بەرواری وەدیهاتنی داهاتەکەوە دەبێت، ئاگادارنەکردنەوەی باجدەریش بێت کاریگەری لەسەر ئەو مافەی دەسەڵاتی دارایی نابێت).

٦- پێشنیار دەکەین بە هەلوەشانەوە ماددەی (55) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113) سالی 1982، وە پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت بە باج بۆ نەهێشتنی ناکۆکی باجی بۆ پارێزگاری وهێنانەدی دادپەروەری لە نێوان باجدەران لەلایەك و فەرمانگەی باج لە لایەکی تر.

٧- پێشنیار دەکەین بە هەمواری ماددەی (4) لە یاسای ژمارە 20 سالی 2011 هەمواری یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە لێبرینی ڕاستەوخۆ لە مووچە وکرێی فەرمانبەران وکرێکاران بەم شێوەی خوارەوە:

أ- باج دەسەپێنرێت لەسەر مووچەی گشتی هەموو کارمەندان لە هەرێم چ لە کەرتی گشتی بن یان لە کەرتی تایبەت.

ب- لێبوردنی یاسایی بە شێوەی مانگانە وەردەگرێت هەوەك لە بڕگەی (2) ی ماددەی(3)ی یاسای (26)ی ساڵی (2007) کە هەمواری پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113) هەموار کراوی ساڵی (1982) ە.

ت- بەهای باج بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

ڕێژەی (3٪) تا(1000000) یەك ملیۆن دینار.

ڕێژەی (5٪) سەرووی (1000000 ) یەك ملیۆن دینار.

٨- پێشنیار دەکەین ماددەی (2) لە یاسای ژمارە 20 سالی 2011 هەمواری باجی دەارمەت لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە گواستنەوەی خاوەندارێتی خانووبەرە هەموار بکرێتەوە بەم شیوەی خوارەوە:

أ - خانوو یان شوقەی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتییەکەی بە فرۆشتن یان هەر رێگایەك لە رێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی کە هەقی فرۆشتنەکەی هەر چەند بێت، ئەگەر بێت و خاوەنەکەی یان خێزانی یان یەکێك لە منداڵە ناکامەکانی خانوو یان شوقەی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێ بوونی نەبێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەرواری فرۆشتنی لە شوێنی یاسای نیشتەجێبوونی، ئەگەر باجدەری ئاماژە پێکراو خۆی یان خێزانی یان یەکێك لە منداڵە ناکامەکانی پارچە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون یان زیاتری هەبێت هیچ ڕێگرییەك نیە بۆ سوودمەند بوون لەو لێبوردنە، ناتوانێت لێخۆشبوون وەربگرێت هەر کەسێك لە بەندی (ب) ی ئەم ماددەیە سوود مەند بوویێت.

ب- لە کاتی فرۆشتنی یەك پارچە زەوی ئاماژەکراو بۆ نیشتەجێبوون یان گواستنەوەی بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی نرخەکەی هەر چەندێك بێت، ئەگەر بێت و خاوەنەکەی یا خێزانی یان یەکێك لە منداڵە ناکامەکانی خانووی نیشتەجێبوون یان شوقەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوونی نەبێت بە شیوەی سەربەخۆ لە بەرواری فرۆشتنەکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆی بە جۆریك ڕووبەری پارچە زەوییە ئامادەکراوەکەی بۆ نیشتەجێبون لە (800) م2زیاتر نەبێت، ئەگەر رووبەرەکەی لەوەندە زیاتر بوو ئەوا رووبەرە زیادەکە ملکەچ دەبێت بۆ باج ( بە ڕێژەی بەهای رووبەرە زیادەکە بۆ بەهای گشتی موڵکەکە )، ئەوەی سوودە مەند بێت لەو لێخۆشبوونەی کەلەم بەندەدا هاتووە ناتوانێت سوود مەند بێتلەو لێخۆشبوونەی لە بەندی (أ) ی ئەم ماددەیەدا هەیە.

ج - هیچ باجدەرێك ناتوانێت لەو لێخۆشبوونانەی لە بەندی (أ) و(ب) ی ماددەیەدا هاتووە سوودمەند بێت، تەنیا یەك جار نەبێت لە ماوەی (5) پێنج ساڵدا لە بەرواری ئەو فرۆشتنەی لە پێشوودا لە لێخپشبوون سوودمەند بووە.

د- پارچە زەوی یان خانوو یان شووقەی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون بە پێێ واقعی حاڵ و ئەوەی کە بە فعلی هەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەچاوپۆشین لەوەی لە قەواڵەی تۆماری خانووبەرەی ئاماژەی پێکراوە.

ه- هەر خانوو یان شووقەیەکی نیشتەجێبوون یان پارجە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون خاوەندارییەکەی بە شێوەی کۆبەشی (الشیوع) لەلایەن ژنو مێردەوە یان لەلایەن ئەوان و منداڵە ناکامەکانیانەوە بێت وەکو خانوو یان شووقەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون ، وایە بۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

و- ئەو لێخۆشبوونەی لە بەندی (أ) و (ب) ی ئەم ماددەیەدا هاتووە فرۆشتنی خانوو و شووقە ی نیشتەجێبوون و زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون ناگرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خاوەنەکەی، تەنیا مەگەر خاوەن موڵك یان خێزانی یان منداڵە ناکامەکانی هیچ خانوو و شووقەی نیشتەجێبوون و پارچە زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوونیان نەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان یان هیچ شوێنێکی دیکە.

ز- حوکمەکانی هەردوو بەندی (أ) و(ب) ی ئەم بڕگەیە گواستنەوەی موڵکایەتی بەشی جیاکراوەکان (الاجزاء المفرزه ) لە خانوبەرە دەکرێتەوە لە بەرواری (1978/1/1) ەوە بە پێێ موڵکەکانی یاسا جا ئەو بەشە جیا کراوە بینای لەسەر کرای بێت یان بەتاڵ بێت، ئەم لێخۆشبوونە ئەو بەشە جیاکراوانە نەگرێتەوە کە ئامدەکراو بێت بۆ نیشتەجێبوون وەکو دوکان و کۆگا و هاوشێوەکانیان.

ح- لێخۆشبوون ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن تەنیا مەگەر ماوەی مانەوەی لە دەرەوە بە شێوەیەکی کاتی بێگ وەك خوێندن و شاندن و فەرمانبەرێتی.

خ- لە حاڵەتی جیاکردنەوەی پارچە زەویەکی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێبوون کە بەندی ( ب ) ی ئەم بڕگەیە دەگرێتەوە، بۆ پارچە زەوییەك کۆی رووبەرەکەی لە (800) م2 زیاتر بێگ ئەوا لێخۆشبوون ئەو پارچە یان پارچە جیاکراوە دەگرێتەوە تا سنووری (800) م2، لەو رووبەرە زیاتر ملکەچ دەبێت بۆ باجی دەرامەت لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتی چ بە فرۆشتن یان هەر رێگایەك لە رێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی.

ی- ئەو لێخۆشبوونەی لە بەندی (أ) و (ب) ی ئەو بڕگەیەدا هەیە بۆ ئەو فرۆشیارانەی نابێت کە بەشی باسێکیان لە خانووی نیشتەجێ دیکە یان شوقەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوی ئامادەکراو هەیە و فرۆشتوو یان مادام زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر گواستنەوەی موڵکایەتی ئەو بەش و پشکەدا تێنەپەڕیوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: پەرتووکەکان**


1- د. عادل فليح العلى، المالية العامة و التشريح المالى لضريبى،ط،1 دار الماحد للنشر و التوزيع، عمان، 2007.
2- د. سعدى بسيوسى، موجز علم المالية العامة والتشريع المالى، مطبعة التفيض، بغداد .1950
3- د. صالح يوسف عجنية، ضريبة الدخل في العراق من الوجهة الفنية والاقتصادية، المطبعة العالمية، القاهرة،1965.
4- تقي الوسواسي، شرح قانون ضريبة الدخل، ج1، وزارة المالية، العراق، 1982.
5- د.عادل أحمد حشيش، أساسيات المالية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، 1996.
6- د.عبدالعال الصكبان، علم المالية العامة، ج1،ط3، دار الجمهورية بغداد،1966.
7- د. طاهر الجنابى، علم المالية و التشريع المالي، مطبعة العاتك، بغداد،2008.
8- أعاد حمود القيسي، المالية العامة والتشريع الضريبى، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع ط 3، 2000 .
9- خالد الخطيب، الضريبة على الدخل (اصول محاسبتها في الاردن )، دار زهران، للنشر و التوزيع، بدون سنة طبع.
10- عصمت عبد المجيد، مشكلات التشريع، ط١، دار الكتب العلمية، لبنـان، ٢٠١٤.
11- أحمد عبيد الكبيسي، ألاحوال الشخصية في الفقه والقضاء و القانون،ج٢، ب ط، العاتـك لـصناعة الكتاب، القاهرة ٢٠٠٩.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

12- اثير طه محمد احمد، دستورية تشريعات الضرائب المباشرة في العراق- دراسة مقارنة-، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠١٩.

دووەم: تێزی ماستەر ودکتورا و توێژینەوەکان

1. على هادى عطية الهلالي، تقدير الدخل وإخضاعه للضريبة في قانون ضريبة الدخل العراقي، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة بغداد، 2000
2. مروان محمد محروس المدرس، رقابة القضاء الدستوري على الصياغة التشريعية، مجلة كلية القانون الكويتية العالمية- السنة الخامسة٢٠١٧.
3. عامر عياش عبد و احمد خلف حسين، دستورية الضرائب في العراق، مجلة االرافدين للحقوق، المجلد( ١٣)، العدد( ٤٩) السنة( ٢٠١٦) .
4. ميسوم خـــالد، العدالة الضريبية كمعيار للأمن القانونى والاستقرار السياسي ومحاربة التهرب الضريبي، مجلة الحقوق والعلوم الانسانية، المجلد( ١٦)، العـــدد(١)٢٠٢٣.

سێیەم: یاساکان

1. قانون ضريبة الدخل العراقي رقم (113) لسنة 1982 المعدل.
2. قانون رقم (26) لسنة 2007 قانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم (113) لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان - العراق
3. قانون رقم (20) لسنة 2011 قانون التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم (26) لسنة 2007 في اقليم كوردستان –العراق
4. ياساي ئەنجوومەني شوراي ژماره (14) سالي 2008 له هەرێمي كوردستان

چوارەم: پێگەی ئەلکترونیەکان:

1- Victor T Thuronyi, Drafting Tax Legislation,
, time:10:45https://www.elibrary.imf.org/display/book/9781557755872/ch03.xml/accesed on 28/12/2023

2- https://arab-ency.com.sy/law/details/25863/6 ،مهند نوح، مبدا المساواة، الموسوعة القانونية المتخصصة

# مشاكل ضريبة الدخل في إقليم كردستان
## الحلول المقترحة
## (قراءة تحليلية قانونية)


| |
|---|
| أ. م. د. كمال أنور يابه |
| قسم القانون، كلية القانون، جامعة صلاح الدين – أربيل، أربيل – اقليم كوردستان - العراق |
| البريد الالكتروني: Kamal.yaba@su.edu.krd |
| د. كمال طيب قادر |
| وزارة المالية، أربيل، اقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: Kemal.werty@yahoo.com |



## الملخص

الهدف من الضريبة هو تحقيق العدالة الاجتماعية وخلق المساواة والتوازن الاقتصادي في دفع الضرائب. لهذا يراعي الوضع الشخصي للمكلف والقدرة المالية للأسرة. وقد ازدادت أهمية هذه الضرائب بعد التوسع في الأنشطة التجارية والصناعية والمهنية بعد عام 2003. نظرا للتطورات التي حدثت في المجالات الاقتصادية والمالية والسياسية والانفتاح على الدول الأجنبية، لذلك زادت أهمية ضريبة الدخل، التي تشمل فئة واسعة من المجتمع. ونظرا لضرورة العدالة الضريبية والحفاظ على التوازن بين مصلحة المكلف والسلطة المالية، وحماية حقوق خزينة الدولة من أخذ كامل الإيرادات الضريبية، والقضاء على أسباب التهرب الضريبي وتوفير الدخل للنفقات العامة في ميزانية الدولة، فقد خلق ذلك عددا من تضارب المصالح من جانب المكلف من جهة، والسلطة المالية من جهة أخرى. ولحل هذه المشاكل نحتاج الى تعديل هذا القانون ولاسيما قانوني الضريبة في اقليم كوردستان 2007 و2011 لتلبية الظروف والتغيرات المتسارعة التي تحدث في الاقليم بشكل يستجيب لمطالب رجال الاعمال واصحاب العمل من منظور وجود البيروقراطية والاستفادة من التكنولوجيا الحديثة.


الكلمات المفتاحية: الضريبة، ضريبة الدخل، مشكلة ضريبة الدخل.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Income Tax Problems in the Kurdistan Region and Proposed Solutions (Legal Analytical Reading)

| |
|---|
| **Assist.prof. Kamal Anwar Yaba** |
| **Department of Law, College of Law, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Iraq** |
| **Email:**Kamal.yaba@su.edu.krd |
| **Dr. Kamal Tayyab Qadir** |
| **Ministry of Finance, Erbil – Iraq** |
| **Email: Kemal.werty@yahoo.com** |

## ABSTRACT

**Establishing social justice, equality, and economic balance is the goal of taxation. This takes into account the family's financial situation in addition to the taxpayer's particular circumstances. After 2003, as commercial, industrial, and professional activity increased, these taxes became more significant.**

**Owing to changes in the political, financial, and economic spheres as well as growing openness to other nations, income tax has become more significant for a large portion of the population. There are now several conflicts of interest between the authority and the taxpayer due to the need for tax justice, maintaining a balance between the interests of the taxpayer and the financial authority, defending the state treasury's rights to keep all tax revenues, eradicating the root causes of tax evasion, and generating revenue for public expenditures in the state budget, As a result, there were several conflicts of interest on the part of the taxpayer on the one hand, and the financial authority on the other hand .**

**In order to address these problems, and rapid changes that are taking place in the region, we must amend this law, particularly the tax laws in the Kurdistan Region from 2007 and 2011, in order to meet the demands of business owners and employers from the perspective of the presence of bureaucracy, while taking advantage of contemporary technological advancements**

**Keywords: Tax-Income tax –Income tax problem**